# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ناحیەی بازیان



هۆشیار جەمال

# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ناحیەی بازیان

هۆشیار جەمال

## ناسنامەی کتێب

- ❖ نـــاوی کتێـــب: لێکــۆڵینەوەیەک لەســـەر ناحیەی بازیان
- ❖ بابەت: لێکۆڵینەوە
- ❖ ناوی نووسەر: هۆشیار جەمال
- ❖ دیزاینی بەرگ: دیارکۆ جەمال
- ❖ دیزاینی ناوەوە: هۆشیار جەمال
- ❖ چاپ: ئەلیکترۆنی
- ❖ ساڵی بڵاوکردنەوە ٢٠٢١

تێبینــی ئەم تــوێژینەوەیە پێشــتر لە لایەن ناوەنــدی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسـی بڵاوکـراوەتەوە، لە سایتی ناوەندی چاوی کورد.

**پێشکەشە...**

**بە هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا دێڕێکیان فێرکردووم.**

## پێرست

پێشەکی ........................................................................ ٦

شوێنی ناحیەی بازیان ............................................... ٨

شوێنی ئەرستۆنۆمی ................................................... ٩

پێگەی کارگێری ................................................................ ١٠

ڕووبەر ........................................................................ ١١

ئاوهەوای ناحیەی بازیان ........................................ ١٣

دەشتی بازیان .................................................................. ١٦

کشتوکاڵ لە بازیان .............................................................. ١٧

پەلەوەر و ئاژەڵداری لە بازیان ..................................... ١٨

دانیشتوانی بازیان .................................................. ١٩

پیشەسازی بازیان .................................................. ٢٠

مێژووی بازیان .................................................... ٢٣

بە ناحیەبوونی بازیان ........................................... ٢٨

سەرچاوەکان ........................................................................ ٣٠

# پێشەکی

وەک لای هەمـووان ئاشـکرایە بەشـێکی زۆری توێژینەوەکانی کە ئەنجام دەدرێن لە ڕووی مێژوو و جوگرافیـــای لە نـــاوچە جیاوازەکـــان زۆریـــان سەنتەری شارەکان دەبێتە بنەمـای توێژینەوەکـانی تـــوێژەر و کەمتـــر گرنگـــی بە قەزا و نـــاحیە و گوندەکان دەدرێت، یاخود توێژەر خۆی لادەدات لەم بابەتانە، هەربۆیە پاش گەڕان و بەدواداچوون بۆم دەرکەوت نووسینی توێژینەوەیەک لەسەر سنوری ناحیەی بازیان کارێکی گرنگ و پێویستە، هەربۆیە ئەم تـــــوێژینەوەیەم بە هەوڵ و مانـــــدووبوونی تاکەکەسـی خـۆم ئەنجامـداوە، هیواخـوازم ببێـتە سودێک بۆ هەر بەڕێزێکی تر کە هەوڵی ئەوە بدات تـوێژینەوە بکـات لەسـەر سـنوورەکە، جـگە لەم زانیاریـانە زانیـاری هەمەچەشـن و جیـاواز و نـوێ پەیدا بکات و توێژینەوەی تری پێ ئەنجام بدات، لە کۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێم هەر تـوێژینەوەیەک کە

ئەنجام دەدرێت لە کۆتایدا دەرئەنجام و ڕاسپاردە دەنووسرێت کە بۆ من ئاسان بووم کە دەرئەنجام و راسپاردە بنووسم، بەڵام کە نەمنووسی هۆکاری ئەوە بوو پێم وایە کە کەسێک ئەم توێژینەوەیە یان هەر توێژینەوەیەکی تر کە دەیخوێنێتەوە، پێویستە ئەوەندە تێگەیشتی هەبێت بۆ توێژینەوەکە دوای تەواوبوونی لە خوێندنەوە، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی توێژینەوەکە دیاری بکات دەرئەنجامی توێژینەوەکە بزانێت و بیرۆکە و ڕاسپاردەش بە خەیاڵیدا ئامادە بێت.

## شوێنی ناحیەی بازیان

ناحیەی بازیان دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراقەوە، هەروەها ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانی، هەر چوار لای بە چیا دەورە دراوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی بە زنجیرە چیای تاسڵوجە و بەشی خۆرئاوای بە زنجیرە چیای هەنجیرە دەورە دراوە، لە باکورەوە چیای توکمە، دەکەوێتە سەر ڕێگای شارەکانی (سلێمانی- کەرکوک) واتا کەوتۆتە نێوان دوو مەڵبەندی نیشتەجێبوونی دانیشتوانەوە.

ئەگەر زیاتر وردی بکەینەوە ئەم ناوچەیە پێی دەوترێت حەوزی بازیان، چونکە بە زنجیرە شاخێک دەورە دراوە، شاخی بەرانان کە لە بەرانانەوە دەست پێدەکات لە شاخی تۆکمە کۆتایی دێت، لێرەشەوە بۆ دەربەند بازیان بەرەو خۆرئاوا درێژ دەبێتەوە، پێی دەوترێت زنجیرە شاخی کوونە گورگ و خەربەنەلوو، لە دەربەندی بازیانەوە کە

ناسراوە بە بەردە قارەمان تاسەر بەندەری باسەڕە کە پێکەوە ناسراون بە زنجیرە شاخی هەنجیرە و دەربەندی بازیان، لەوێشەوە بە زنجیرە شاخی قەڵای پەخش و ڕێحانە، زنجیرە شاخێکە کە دەشتی بازیان دەکات بە دووبەشەوە ، دەشتی هەیاس، دەشتی کۆیک.

## شوێنی ئەرستۆنۆمی

ناحیەی بازیان دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٥،٢٨- ٣٥،٤٣)ی باکوری و دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٤،٥٨-٤٥،١٩)ی خۆرهەڵات، ئەم شوێنە گەردونییەی سنوری ناحیەکە کاریگەری هەیە لەسەر دەرکەوتنی هەر چوار وەرزەی ساڵ ، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ڕووەکی سروشتی و خاک و دەرامەتە سروشتیەکان بەشێوەیەکی گشتی و پاشانیش چالاکیە ئابوورییەکان و مرۆیەکانی ناوچەکە.

## پێگەی کارگێڕی

ناحیەی بازیان سەر بە پارێزگای سلێمانیە و بە چەند یەکەیەکی کارگێڕی دەورە دراوە، سنوری هاوبەشیان لەگەڵیدا هەیە بەم شێوەیە: لە ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی بەکرەجۆ، لە ڕۆژئاواوە ناحیەی تەکیە و قەزای چەمچەماڵ لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی پیرەمەگرون لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە قەزای قەرەداغ، لە باکوری ڕۆژئاواوە ناحیەی ئاغجەلەر و لە باشوری خۆرئاواوە ناحیەی سەنگاو، لە ئێستادا ناحیەکە لە (٥٣) گوندی بوونی هەیە کە (٤٠) گوندیان ئاوەدانە (١٣) گوندیش چۆڵە ناحیەکە لە(٥) شارۆچکە پێکهاتووە، کە ئەمانەن (گۆپاڵە، بەردەقارەمان، ئەلاَیی، تەیناڵ، بازیان) کە لە ڕێگای سێ دەربەندەوە بەناوچەکانی ترەوە دەبەسترێنەوە کە ئەوانیش (دەربەندی تاسلۆجە لە خۆرهەلاَت ، بازیان لە خۆرئاوا و باسەرە لە باشوری خۆرهەلاَت) کە ئەمەی کۆتایی بازیان بە ناوچەی گەرمیان دەبەستێتەوە.

## ڕووبەر

ڕووبەری ئەم نـــاحیەی بازیـــان پێکهـــاتووە لە (١٤٧١٤٧) دۆنـم کە دەکـاتە (٣٦٨)کـم، هەروەهـا بەرزیەکەی بە تێکـــڕا (٥٥٠)م لە ئاســـتی ڕووی دەریاوە.

## پێکهاتە جیۆلۆجیەکانی خاکی ناوچەکە

١/ پێکهاتەی کولۆش

٢/ پێکهاتەی سنجار

٣/ پێکهاتەی چەرکەس

٤/پێکهاتەی پیلاسپی

٥/پێکهاتەی فەتحە

٦/ پێکهاتەی ئیجانە

٧/ نیشتەنیە نوێیەکان

دوان لە پێکهاتانەی خاکی ناوچەکە زۆر گرنگن کە بـریتین لە پێکهـاتەی سـنجار/ کە ئەم پێکهـاتەیە بە

سەرچاوەی گرنگی بەردی چەو دادەنرێت، بەشە سەرەکیەکەی ئەم پێکهاتەیە لەدەوروبەری شاری سلێمانی دەردەکەوێت، کە ئەم پێکهاتەیە لە ئەستوریەکەی لە بازیان (٤٠٠ -١٠٠٠ )م[٣]، کە ئەم پێکهاتەیە لە دورگەی مەرجانی و قەوزییەکاندا نیشتووە پاشماوەی بە بەرد بووی زۆر لە ناویدا دەبینرێت و بەردەکەی لە ڕووی ئابورییەوە سودی هەیە بۆ چەندین کارگەی چیمەنتۆ کە لەناوچەکە دروستکراوە، هەروەها خاکی نیشتەنیە نوێیەکان کە ئەم پێکهاتانە ناوچەیەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی دەگرێتەوە لە باکوری ناوچەکە.

## تایبەتمەندیەکانی ئاوهەوای ناحیەی بازیان

ئـــاو هەوای نـــاوچەکە تـــاڕادەیەک هاوشـــێوەی پارێزگـای سـلێمانیە، لەگەڵ ئەوەی تـابەرەو بـاکور بڕۆین پلەی گەرمـا نزم دەبێتەوە، پلەی گەرمـا لە مانگەکـانی هاوینـدا لە نـاوچەکە بەرزدەبێـتەوە، مانگەکـانی بە گەرمتـرین مانـگ دادەنێـین هەردوو وەرزی بەهار و پایز بە ڕاگوزەر نادەبرین کە پلەی گەرما تاڕادەیەک هاوسـەنگە، مانگەکانی زسـتانیش نزمترین پلەی گەرمی تۆمار دەکرێت. هەروەها شێ و دابـارین لە مـانگی ئەیلـولەوە دەسـتپیدەکات تـا سەرەتای مایس، خێرای باش بە بڕی جیاواز و بە پێی جیاوازی وەرزەکان لە ناوچەکە بوونی هەیە.

### سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەکە

١/ ئاوی سەرزەوی

لەسـنوری نـاحیەی بازیـان سـەرچاوەکانی ئـاوی سـەرزەوی پێکـدێت لە چەنـدین چەم کە ئەوانـیش بـریتین لە (چەمـی لازیـان، چەمـی گۆپـاڵە، چەمـی

دەرگەزێن و بابە علی و هەمەوەند، چەمی تەیناڵ، چەمی هەیاس، چەمی خاڵدان، چەمی هۆرمزیار، چەمی هەرکین).

۲/ ئاوی ژێر زەوی

۱/کانی: شوێنێکە ئاوی ژێر زەوی لێ دێتە دەرەوە بە پێی سیستەمی ئاوی ژێر زەوی گەنجینەی ئازاد کە لە شوێنێکدا توێکڵی زەوەی دەبڕێت و دێتە سەر زەوی، بە شێوەیەکی گشتی کانیاوەکان لە کەناری جۆگە و دەریاچەکان و لە نزمایی ناوچە تۆبۆگرافیە جیاوازەکان دێنە دەرەوە. لە سنوری ناحیەی بازیان (۱۷۳) کانی تێدایە کە نزیکەی (۷۵)یان وشکی کردوە (۸۳)کانی کەمی کردوە و تەنها (۱۵) کانی ئاوی باشی هەیە.

۲/کارێزەکان: ئەمیش دانیشتوان هەر لە کۆنەوە بەکاریان هێناوە بۆ دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی کە بریتیە لە لێدانی کۆمەڵێک بیر بە قوڵای جیاواز و بەستنی بنکەی بیرەکان بەیەکەوە لە سنوری بازیان نزیکەی (۱٤)کارێزبوونی هەیە، لەم ژمارەیە (٦)

کارێزیان وشکی کردوە (٧)کارێزیان کەمی کردوە تەنها (١) کارێزیان ئاوەکەی باشە، کە ئەم ڕێژانە ساڵانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەهۆی جیاوازی لە بڕیی دابارین لە ناوچەکە.

## بیرەکانی ناوچەکە

١/ بیرە کەم قوڵەکان: ئەم بیرانە قوڵی دەگاتە (٣٥ )مەتر کە لە ناوچەی بازیاندا زیاتر لە (٧٠)ی لەم شێوەیە بوونی هەیە، کە (٤١)یان وشکی کردوە (٢٩)یان ماوەتەوە کە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی باران و لێدانی بیری ئیرتیوازی.

٢/بیرە قولەکان: ئەم بیرانە قوڵی لە (٣٥) مەتر زیاترە، کە لە ناوچەی بازیاندا زیاتر لە (٩١)ی لەم شێوەیە بوونی هەیە، کە (٢٨)یان وشکی کردوە (٦٣)یان ماوەتەوە ، ئاوی باشی هەیە.

## دەشتی بازیان

ئەم دەشتە کەوتۆتە کەوتۆتە نزمایی بازیانەوە، کە لەوڕگا و کێڵگەی بەپیتی تێدایە،هەرچەندە لەبەشی

خۆرئـاواوە ڕێـرەوە ئـاوە سـەرەکیەکان زەلکـاوی دروسـتبووە،بەڵام بەشـە بەرزیەکەی خـاکی بەپیتـی هەیە، درێــژی دەشــتی بازیــان نــزیکە(١٥)کــم و پانیەکەی (١٠)کم، ئاوی بازیان و سەرچاوەکانی تر ئاودێری دەکەن.

## دارستانەکانی ناوچەکە

بازیان نزیکەی (٢٣٨٣٩) دۆنم کە دەکاتە (١١%)ی رووبەری دارســـــتانی قەزای ســـلێمانی، بەڵام ئەم ڕێژەیە کەمی کردوە بۆ (١٨٦٦٣) لەساڵی (٢٠١٠)دا کە ئەمەش هۆکاری سەرەکی دەگرێتەوە بۆ ساڵانی دوای ڕاپەڕیـــنە مەزنەکەی گەلەمـــان کە بەهـــۆی دۆخـــی خراپـــی ئـــابوری خەڵـــک دارســـتانەکانی دەبڕیەوە بەمەبەستی خۆپارێزی لە سـەرما یـاخود بـۆ فرۆشـتن، کە دارسـتانەکانیش پێیـان دەگوترێـت (دارســتانە کراوەکــان، دارســتانە مامناوەنــدە کەم چڕەکان، دارستانە چڕەکان).

## ڕووەکی سروشتی ناوچەکە

پشتێنەی گژوگیای کورت ( لەوەڕگا) گژوگیای ئەم ناوچەیە بە ئەستێپسی شێدار دادەنرێت، کە پشت دەبەستێت بە ڕادەی باران بارین ساڵانە لە نێوان (٤٠٠-١٠٠٠)ملم دایە، وە ئەم ناوچەیە زیاتر لەوەڕگای سروشتی بەکاردەهێنێت بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن، تێکڕای ڕووبەری گژوگیای گەرمەسیر لەناوچەکەدا بریتیە لە (٦٢٦٩٨) دۆنم، کە لە کاتەکانی پایزدا دەڕوێت و لە کاتەکانی هاویندا لەکاتی نەمانی باران وشک دەکات.

## کشتوکاڵ لە بازیان

بەگوێی ئەوەی ناوچەی بازیان زۆر گونجاوە بۆ کشتوکاڵ کرد و بەرهەمهێنانی دانەوێڵە ساڵانە بە بەردەوامی جوتیارانی سنورەکە گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ دەدەن کە بڕبڕەی پشتی ئاسایشی خۆراکە ، لە ڕووی بوونی (بەیت) خانووی پلاسیکیەوە کشتوکاڵی بەگوێرەی ئاماری ساڵی

٢٠١٤ – ٢٠١٥ (٢٣٩٢)خـانووی پلاسـیكی بـوونی هەبـووە لە نـاحیەی بازیـان كە ئەم ڕێـژەیە بەرزبۆتەوە بۆ (٨٥٠٠)خانووی پلاسیكی بۆ ساڵی ٢٠١٨ و زیـاتر لە (١٠٠٠٠) خـانووی پلاسـیكی بەرزبۆتەوە لە ئێستادا.

هەروەها ڕووبەری چینراو بۆ بەروبوومی دانەوێلە لە سـاڵی ٢٠١٤ بریتـی بـووە لە (٣٣٤١٠)دۆنـم كە جۆری دانەوێڵەكە بریتی بوو لە گەنم و جۆ ، تور و شێلم، نۆک نیسک، پاقلە،سلّق و سەوزەی زستانە.

## پەلەوەر و ئاژەڵداری لە بازیان

نـاحیەی بازیـان بەهـۆی بـوونی لە وەرگـای زۆر و كێڵگەی بەپیتەوە دانیشتوانی گوندەكانی بەردەوامن لەسـەر  ئاژەڵداری لەنـاوچەكە، بەگوێرەی ئامـاری بەڕێوەبەرایەتی ئامـاری سلێمانی لەسـاڵی ٢٠١٤ دا (٢٧) كێڵگەی پەلەوەر و (٤١) هۆڵ بـوونی هەبـووە، هەروەهـا هەر لە هەمـان سـاڵدا (٤٥٨٥٣)سـەرمەڕ

(٧٨١٤) سەربزن (٧٤٠٠) مانگا بوونی هەبووە، ئەمە جـگە لە بـوونی (١٠١) هەنـگەوان و کـۆلی کـۆن (٤٨٤)بوونی هەیە.

## دانیشتوانی بازیان

بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دانیشتوانەکەی بریتیبـــــووە لە (٥٤٧٩) کەس لەســـــاڵی ١٩٦٥ دانیشتوانەکەی گەشەی کردوە بۆ (٨٤٤٧) لەساڵی ١٩٧٧ دانیشتوانی ناحیەکە بووە بە (١٠٦٠٦)کەس، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە بـــووە بە (١١٥٤٦) کە ئەمەش نیشـــانەی کەمـــی گەشـەکردنی دانیشـتوانە بەراورد بەسـەرژمێری دە ساڵی پێشوو تر کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاســی وەک جەنگـی عێـراق- ئێـران، هەروەهـا سیاســەتی ڕەگەز پەرســتی حکـومەتی عێـراق بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن دژی گەلی کورد کەوای کردبوو چەندین کەس بێ سەروشوێن بن.

بەڵام بە گـــوێرەی ئەو خەمڵانـــدانەی کە لەســـاڵی ٢٠٠٩ کـراوە ژمـارەی دانیشـتوانی نـاحیەکە بـووە (٣٦٧٢٣) کەس

بە گوێرەی ئەو پێشبینیانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سـلێمانی کردوویەتـی بـۆ سـاڵی ٢٠١٨ ژمـارەی دانیشتوانی ناحیەی بازیان(هەر پێنج شارۆچکەکەی) دەکـاتە (٤٩٩١٥)کەس هەروەهـا لە سـاڵی ٢٠٢٠ ژمارەی دانیشتوانی دەکاتە (٥٠٨٣٣) کەس.

## پیشەسازی بازیان

لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٣ وە نـــاوچەی بازیـــان بە تەواوەی سـیمای گـۆڕاوە و بـووە بە نـاوچەیەکی پیشەسازی کە لە ئێستادا ڕێژەی (٣٠%)پیشەسازی عێـراق لەم نـاوچەیە کە خـۆی لە دامەزرانـدنی چەنـدین کـارگە دەبینێـتەوە کە بەهـۆی بـوونی کەرەسـتەی خـاو و ئـاوهەوای گونجـاو شـوێنی جـوگرافی لەبـار و پاڵپشـتی حکـومەت بـۆ سەرمایەدارەکان بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە ئەم ناوچەیە و سـەرمایەگوزاری بـکەن چەنـدین پـرۆژەی

پیشەسازی لە ناوچەکەدا بنیات بنێن، لە ئێستادا نزیکەی ٢٠٠ پرۆژەی ئابووری جۆراو جۆر لە سنوری بازیاندا هەیە ، کە هەندێکیان پرۆژەی عیملاقی گەورەن و شایەنی ئەوەن تیشکیان بخریتە سەر لەوانەش زیاتر لە (٣٠) کارگەی جۆراو جۆرن وەک :

١/چوار کارگەی چیمەنتۆی گەورە بە ناوەکانی ( ماس – بازیان – ولۆبلاخ - گاسن )
٢/پالیۆگەی نەوتی بازیان کە رۆژانە بڕێکی باش لە نەوت لەم پاڵێوگەیەدا دەپاڵێوریت.
٣/دوو کارگەی درووستکردنی گازی شل بە ناوەکانی : کارگەی گازی سروشتی ( ساتیار و بازیان).
٣/سێ کارگەی دروستکردنی بیبسی و ئاوی کانزایی .
٤/دوو کارگەی گەورەی ئاسن .
٥/کارگەیەکی گەورە بۆ دروستکردنی ( کێبڵی کارەبایی و سۆندەی ئاوو و بۆری ئاو )
٦/کارگەیەک بۆ دروستکردنی ستیل بەناوی کارگەی ( سوپەر ستیل).
٧/کارگەی دروستکردنی دەرمان.

٨/كارگەی بەرھەمھێنانی قیر .
٩/كارگەی دروستكردنی ئارد.
١٠/كــارگەی دروســتكردنی كیســی چیمەنتــۆ بەناوی كارگەی مۆند كاسۆ.
١١/كارگەی دروستكردنی بەردی مەرمەڕ.
١٢/كارگەی كلكـان بـۆ دروسـتكردنی خـانووی پلاستیكی
١٣/دوو كارگەی دروستكردنی سەھۆل.
١٤/شەش كارگەی دروستكردنی بلۆك.
١٥/كارگەیەكی دروستكردنی كەلەبستۆن.
١٦/كارگەی خویی یۆد .
١٧/كارگەی سەربرینی مریشک.
١٨/كارگەی ھەڵكەندنی كانەبەرد لەبەر ئەوەی بەردی بەشـــــێكی زۆری شـــــاخەكان زۆر گەنجاوون بۆ دروستكردنی چیمەنتۆ ھەر بۆیە چوار كارگەی گەورەی چیمەتۆ دەست بەكارن و لەبەرنامەشـدایە كـارگەی تـری چیمەنتـۆ لە سنورەكەدا بكریتەوە.

ئەمـــانە لەگرنگترینەكـــانن بەڵام جـــگە لەمـــانە ژمـارەیەكی زۆری كـارگە و پـرۆژەی بچـووک لە سـنوری بازیانـدا خەریكـی بەرھەمھێنـان بەشـێكی

کەمی ئەم کارگە و پرۆژانە پرۆژەی‌ی حکومین و بەشی هەرە زۆیان سەر بە کەرتی تایبەتن.

کە لەم کارگانەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار کەس وەک کارمەند لە کارگەکانی سنورەکە کاردەکەن کە زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەسی دانیشتووی سنووری بازیانە.

## مێژووی بازیان

ئومێد خەتاب، توێژەری مێژووی و مامۆستا لە زانکۆی چەرموو وتویەتی سەبارەت بەناوی بازیان بیروبۆچوونی جیاواز هەیە بۆ نمونە مامۆستا مەسعود محەمەد نوسەر پێیوایە، کە بازیان لە (باجیان)ەوە هاتووە ئەوەش بەهۆی ئەوەی دەربەندەکە یاخود ناوچەکە شوێنێک بووە بۆ وەرگرتنی باج لە خەڵک، بەڵام مامۆستا کەریم زەندی و جەمیل ڕۆژبەیانی پێیانوایە بازیان لە (باسیان)ە وە یان سیانەوە هاتووە کە ناوی دوو هۆزی کۆنی کوردن پێش هۆزەکانی هەمەوەند و

کافرۆش لەناوچەکەدا جێگیربوون پاشان کۆچیان کردووە بەرەو یەمەن و دورگەی عەرەبی."

هەروەها مامۆستا شاکر فەتاح مێژوونوس، پێیوایە بازیان لە (بێت زیان)ە وە هاتووە، ئەوەش ناوێکی سریانییە، وەک چەند ناوێکی دیکەی سریانییمان هەیە باعەزرا (بێت عەزرا)، باتۆڤا (بێت تۆڤا)، هەروەها لە کتێبی مورشید-یشدا ناوی بازیان لە (زیان)ەوە هاتووە، چونکە بەشێک لە مێژوونووسان پێیانوایە ئێرە شوێنێک بووە بۆ کوردەکان تووشی زیان و دۆڕاندن بوونەتەوە، هەروەها دەربەندی بازیان چەندین ناوی دیکەشی پێوتراوە وەک (دەربەندە وشکە) و (دەربەندە ڕووتە)، بەڵام ئەو بۆچوونەی کە زۆر نزیکە لە ڕاستییەوە (باز) بەواتای (هەڵۆ) یان بەواتای (هێلانە) دێت کە واتا ئێرە شوێنی یاخود هێلانەی هەڵۆ بووە و کاتی خۆی بوونیان هەبووە، هەرچەندە لەسەردەمی ئیسلام-یشدا مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ پێیوایە ئاماژەیەکی کۆن کە پێی کرابێت لە کتێبی (نسهەت

لقلـوب) ئێـره بــه (دەربەنـد خەلیفــه) ناسـێرنراوه، ئەوەش ناوێکی باتن-ییه و ئاماژەیەکە بۆ ئیماندار.״

یەکێک لە شوێنەوارە مێژوویەکانی بازیان دەبەندی بازیـــانە کە مێژوویەکـــی کـــۆنی هەیە دەبێـــت بگەڕێیینــەوە بـۆ ئــەو نوسـینە بزمارییانــەی کــە مێژووی پێنوسراوەتەوە، تێیدا بـاس لـەوە دەکرێت لە سالآنی ٨٠٤- ٨٠٥ پێش زایین، ئاشور ناسر پاڵی دوو هێرشـی هێنـاوە بۆ سـەر مەملەکـەتی زامـوا و هــەزار و ٤٦٠ کەسـیان لە خـەڵکی ئـەو مەملەکەتـە کوشتووە، لە ناوچەکە ١٠٠ گوند بوونیان هەبووە.

لەســەردەمی ســوڵتان ســلێمانی قــانوونی دووەم، کاتێـک هێرشـیان هێنـاوە بـۆ سـەر بەغـدا و بـەو دەربەنـدەدا تێپــەڕیوون، لەســەردەمی نــادر شــای ئەفشــاری ئێـران لــە ٩ی تشــرینی دوومــی ســاڵی ١٧٣٤دا کاتێک لەشکرکێشی کردووە بۆ سـەر ئـەم ناوچەیـە، لێرە سوپای جەمشـید پاشـا بـەرەنگاری بووەتەوە، دیارە سوپای تۆبـاڵ عوسـمان پاشـا ١٢ هـــەزار چەکـــدارەوە هـــاتووە بـــۆ ناوچەکـــە و دەربەندەکەی بە دەربەندی سـپی نـاوبردووە، وەک دیاریشە چواردەوری دەربەندەکە بەردەکانی سپین.

## مێژووی دروستکردنی شواری دەربەندی بازیان

لەساڵی ١٨٠٥ بەدواوە، عەبدولڕەحمان پاشای بابان، کاتێک سلێمان پاشای مەمالیک لە بەغدا دێتە سەر تەخت و دەسەڵات دەگرێتە دەست، عەبدولڕەحمان پاشای بابان پیرۆزبایی لێناکات، بۆیە ئەویش بە سوپاوە هێرش دەکاتە سەری، لەبەر ئەوە پاشای بابان بڕیاری دروستکردنی ئەو دیوارە دەدات لەنێو دەربەندی بازیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی سوپای مەمالیک زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس دەبێت، هێزی بابانییەکان ٢٠٠ هەزار چەکدار دەبن، هەرچەندە لەسەرەتاوە سوپای مەمالیک تێک دەشکێت، بەڵام دواجار بەهۆی چاوساغی خەڵکی ناوچەکەوە، سوپای بابانییەکان تێکدەشکێن و عەبدولڕەحمان پاشای بابان پەنا دەباتە بەر ئێران.

## شەڕی دەربەند بازیان

لە ١٧ی مایسی ساڵی ١٩١٩ کاتێک ژەنەراڵ فرایزەری ئینگلیز  پەلاماری شێخ مەحمودیان داوە و شەڕێک لەنێوانیان ڕوودەدات، شێخ بە دیلی

دەکەوێتــە دەســت ئینگلیزەکــان و شــێخ ڕەوانــەی هیندستان دەکرێت، ئەوەش بەهۆی نابەرانبەری هێز و چــەک و ژمــاری ســوپا لەلایەک و نــاکۆکی لە نێوانی سەرۆک هۆزەکان بۆنموونە بابەکر ئاغای پشدەری لە ناوچەی پشدەر و عادیلەخانمی جاف لە هەڵەبــجە و تاڵەبانیەکــان لە لیــوای کەرکــوک و تەنانەت کەسایەتی دیاری هۆزی هەمەوەند مشیر حەمەی سلێمان کە لە نەیارەکانی شێخ مەحموود هەژمار دەکرا هۆکاربووە بۆ بەدەستەوەدانی شێخ مەحموود، ئەمەش واتــای هەڵەی ئەو کەســانە نیە بەڵکو هەریەکەیان خاوەنی پێگەی خۆی بووە لە ناو هۆزەکەیدا، بەڵام ناکۆکیان لەگەڵ شێخ مەحموود هەبووە لەسەر دەسەڵاتداری باشوری کوردستان، جیاوازیان هەبووە بۆ سیاسەت و تێروانینیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئینگلیزەکان.

لە ساڵی ٢٠١٣ دەربەندی بازیان نوێ کرایەوە کە یەکــێکە لە شــوێنەوارە دێــرین و مێژووییەکــانی نــاوچەکە و بە ســێ قونــاغ لەلایەن حکــومەتی

هەرێمەوە بنیادنرا و دروستکرایەوە وەک شوێنێکی گەشتیاری و شوێنەواری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## بە ناحیەبوونی بازیان

لە رووی مێژووییەوە دەتوانین بڵێین مێژوویەکی دێرینی ی هەیە و تەنانەت لەلایەنی کارگێڕیەوە لە ساڵی١٩٢٧ وە بوەتە ناحیە و سەرەتا شارۆچکەی تەینال مەرکەزی ناحیەی سنورەکە بووە، بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە مێژووی بوون بە ناحیەی بازیان لەوە کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابانەکان و دواتر لە سەردەمی شێخ مەحمودیشدا هەر ناحیە بووە و سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی بووە و پاشان لە ساڵی ١٩٢٨ دا بەڕیوەبەرایەتی ناحیە لە گوندی مۆرتکەی نزیک تەینال دانرا و ( محمود فەقێ محمد هەمەوەندی) کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیە ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتی ناحیە لە تەینالدا دامەزراوە و بەردەوام بووە دواتر کاتێک کە ڕژێمی بەعس لە نیوان ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٨٨دا

چەند کۆمەڵگایەکی زۆرەملێی  لە سنوری بازیاندا دروســت کــرد و دانیشــتوانی گونــدەکانی لەچەنــد شوێنێکی جیاوازەوە ڕاگوێزا بۆ ئەو کۆمەڵگایانە، ئیتر گۆڕانکاری بەسەر یەکەی ئیداری ناوچەکەدا هات و لە ساڵی ١٩٨٨ بە فەرمانی حکومەتی عێراق شارۆچکەی بازیان کراوە بە مەرکەزی ناحیە بۆ سنورەکە و تا ئێستاش هەر بەو شێوەیە.

خەڵکی ناحیەی بازیان لە ١٩٩١/٣/٦ وەک دووەم شوێن دوای قەزای رانیە راپەڕینی دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس و سەددام حوسێنی دیکتاتۆر ئەنجامــدا و ناوچەکەیــان  بە یــارمەتی هێــزی پێشمەرگە لە هێزەکانی ڕژێمی بەعس پاک کردنەوە و ناوچەکەیان ئازادکرد.

# لیستی سەرچاوەکان

کتێب

١/ د،هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان،ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،چاپی سێیەم، سلێمانی،٢٠١٤.

٢/ حیسم عوسمان/ ئالان بەکر، دیاردەی بە بیابان بوون و ڕووبەڕوو بوونەوەی لەناحیەی بازیان، چاپخانەی سیما/ سلێمانی،چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢.

٣/ شیروان عومەر ڕەشید،بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان،ساڵی،٢٠٠٧.

٤/ ڕەئوف تۆفیق هەمەوەندی، هەمەوەند لە خەباتی سەختی مێژوودا، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی٢٠١٩.

**سەرچاوەی حکومی**

١/سایتی ڕەسمی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، http://sulamar.com/ku/publications.php?cat_id=1

٢/ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز زانیار تۆفیق ، بەڕێوبەری کشتوکاڵی ناحیەی بازیان.

**سەرچاوەی ئیتەرنێت**

١/ سایتی ڕۆژنیوز چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستای زانکۆ ئومێد خەتاب، توێژەری مێژووی و مامۆستا لە زانکۆی چەرموو،
https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%D8%AA%D9%88%D9%88%D8%B1-%D9%88-%D9%87%D9%88%D9%86%D9%87-%D8%B1/%D9%85%DB%8E%DA%98%D9%88%D9%88%DB%8C-%D8%AF%D9%87-%D8%B1%D8%A8%D9%87-%D9%86%D8%AF%DB%8C-%D8%A8%D8%A7%D8%B2%DB%8C%D8%A7%D9%86-%D8%A8%DB%95%D9%88%DB%8E%D9%86%DB%95-21262

٢/سایتی مێژووی کورد،شەڕی دەربەندی بازیان لە دیدی مێژووە د.کەیوان ئازاد،
http://www.historyofkurd.com/2016/11/01/%D8%B4%D9%87%E2%80%8C%DA%95%D9%89-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%D9%89-%D8%A8%D8%A7%D8%B2%DB%8C%D8%

A7%D9%86-
%D9%84%D9%87%E2%80%8C-
%D8%AF%DB%8C%D8%AF%D9%89-
%D9%85%DB%8E/

٣/مەریــوان ابــراهیم، چەنــد زانیــاریەک لەســەر نــاحیەی بازیان،ســـــــــــــــــایتی مەودا میـــــــــــــــــدیا، https://mewdamedia.com/articles/3589

٤/ سایتی پیوکەی میدیا، کردنەوەی شورای دەربەند بازیان، https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=8685



سالی بلاوبونەوە

2021

بەرگ : دیارکۆ جەمال